پرۆسەیەک بۆلێدوان..

# پێت وایەئەبێت،مافی تورکمانوکلدۆئاشورلەدەستوری هەرێمدازۆرتربکرێت؟

کامەران ئیسحاق پەری

* مەبەستی سەرەکیمان لەدروستکردنی دەوڵەت.ئەوەیەکەخۆشحاڵی هەمووکۆمەڵ بەرجەستەبکەین نەک چینێکی تایبەت.

(ئەفلاتۆن)

- لەکۆی سەدوشەست مادەی ڕیشنوسی دەستوری هەرێم پترلەدوازدەمادده،بەتایبەت.جەخت لەسەردابینکردنو بەدەسکەوتنو پاراستنی مافی کەمایەتی لەکوردستاندادەکات.

هاوڵاتی بەهۆی ماڵپەرکەیەوەڕاپرسییەکی خستۆتەدەنگدانەوەوتیایداپرسیاردەکاتودەڵیت(ئایالەگەڵ ئەوەدایت مافی زیاتربدرێت بەتورکمان وئاشوری وکلدان)؟ وەڵام بەبەڵی یاخودنەخێربدەرەوە.

لەڕاستیدالێدوان یاخوددەنگدانوراڤەکردن لەسەرپرۆسەیەکی ئەوهاکەخۆی لەدابینکردنودەستەبەرکردنی مافی کەمایەتی دەبینێتەوە ،پێویستی بەگەڕانوپشکینێکی وردولەسەرخۆ،لەنێوناوخنی تەواوی پرۆسەی دەستنوسی دەستوەرکەهەیە،تالێیەوەبزانین تاچەندو چۆن ئەومافانەدەستەبەرکراوە.هەڵبەت ئەم کارەش،تەنهاوتەنهابەخوێندنی چەندجارەوتێگەیشتن لەمادەکانی دەتوانرێت شتێکی لێ هەڵێنجێنیت ،بۆیەبەدرێژای ئەم ماوەیە بەوپەڕی ڕاشکاوەی کەوتمەگیان خوێندنەوەی ڕیشنوسی دەستورەکە.دواتریش گەیشتمە ئەودەرئەنجامەی کەبڵێم مافی کەمایەتی لەچوارچیوەی‌دەستنوسی دەستورەکەتائاستێکی زۆردابینکراوە،بۆڕاستی ئەم گوتەیەشمان ئەکرێت پشت بەومادانەببەستین کەبەشێوەیەکی ئاڕاستەکراووبەتایبەت بۆکەمایەتی وەک تورکمان،ئاسوری کلدانی،ئەرمەنی. هتدداین کراوە...لێرەدالەبەرگنگی مادەکان زۆربەیان دەخەینەڕووهاوکات بەپێی پێویست سەرنجوتێبینی لەمەڕیان دەهێنینە گۆڕێ،مەبەستی سەرکیش لەم کارەجگەلەهۆشیارکردنەوەی ئەوتاقموکۆمەڵانەی‌کەپێی وایەخوانەکردەپرۆسەی دەستورەکەمافی زۆری بۆکەمایەتییەکان جێنەهێشتوە. لەلایەکی تریشەوەمافی هەمووکەمینەیەکەبزانن مافەدەستورییەکانیان کامانەیەلەچوارچێوەی هەرێم تاڵەڕێگەیەوەبتوانن داکۆکی لەسەربکەنوئەگەرپێویستییەکیش هەبێت پێشنایزی چاکترکردنی بۆڕابگەێنن.لێرەدا بەرلەوەی هەلخستنی ماددەکان پێویستە لەسەرناوهێنانی (ئاشوری،کلدانی ،سریانی) کەمێک بوەستین.لەڕستیدا هەرسێکی ئەم سێ ناوهێنانە لەبنچینەداهەڵگری یەک باوەڕی ئاینین کەئەویش باوەڕی مەسیحییە.هەرچەندەمن بۆخۆم لەوباوەڕەدام گەرهەر سێکیشی لەژێرناوی(مەسیحییەکانی کوردستان) ناویان بهاتایە،کارێکی هەڵەنەبوو ،وەئەم پۆلێنکردنەدانپیانێکی زیاترلەوەی کەهەیەلەڕووی ژمارەوریژەیان.لەگەڵ ئەوەشداهێشتاهەندێک کەس پێی وایەگرنگی دان بەمافی کەمایەتی نەتەوایەتی لەئاستی پێویستدانەبووە.هەرچی لەبارەی تورکمانەکانیشە،ئەوامافەنەتەوەییەکانیان لەپاڵ مافی ئیسلامەتیان وەک باوەڕێکی سەرەکی لەکوردستاندادابینکراوە.

ماددەکانی خزمەت بەکەمایەتی ئاشوری ،کلدانی،سریانی،ئەرمەنی ،ئێزیدیمتورکمان...

ماددەی 6

یەکەم: گەلی کوردستانی ئێراق پێکهاتوەلەکوردونەتەوەکانی دی تورکامانـ کلدانـ ئاشوروئەرمەنوعەرەب.لەوانەی بەپێی یاساهاولاتی هەرێمن.

ئەم دانپێنانەبەهەبوونی چەندنەتەوەیەک جگەلەنەتەوەی کوردبۆپێکهێنانی گەلی کوردستان بۆخۆی مافێکەجاران نەک هەردەستە بەرنەکرابووبگرەلەساییەی بەعسورژێمەکەی،ئاسورییەکان پێیان دەوترا(الناطقين بالغةالسريانية) لەوەش زیاترکەمینەیکی وەک عەرەب لەچوارچێوەی یاسای هاولاتی هەرێم گەلی کوردستان پێکدێنن.کەئەمەش بۆخۆی مافێکەباوەڕناکەم عەرەب بۆکوردی بەڕەوابیبنێت.

ماددەی 7

ئە م دەستورەجەخت لەسەرناسنامەی موسڵمانیەتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات،وبنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لەسەرچاوەسەرەکییەکانی یاسادانان،هەروەهاتەواوی مافەئاینییەکانی مەسیحیوئێزیدیوهی دیکەلە ئازادی باوەڕپێکردنی ئاین دەستەبەردەکات.

جەختکردن لەسەرناسنامەی موسڵمانیەتی زۆرینەی گەلی کوردتسان واقعیکەناتوانین حاشای لێبکەین بەوپێیەی کەکوردستان هاولاتیانی پترلەسەداهەشتاوپێنجی موسڵمان،هەروەهاڕەویەگەرشەریعەت سەرچاوەیەکی سەرکی یاسادانان بێت.لەگەڵیدامافە ئاینیەکان بەدەرلەئیسلام پارێزراوە.وەئەم وتەزایەهیچ گومانێک یان دڵەڕاوکێیەک دروست ناکات لەبەرئەوەی ناڵێت تاقەسەرچاوەیە.خۆئەگەربهاتایەش ناسنامەی خەڵکی کوردستان مەسیحی،یاخودتورکی بوایەئەوائەکرالاهوتوبنەماکانی ڕێسای ئەتاتورک بەسەرچاوەی سەرەکی تەشریعاتویاسادانان بناسین.دەستەبەرکردنی ئازادی باوەڕخاڵێکی زۆرگرنگەکەدەستورجەختی لەسەربکات.کەپێم وایەلەم ڕەشنوسەداکەکردویەتی.

ماددەی 14

یەکەم:کوردیوعەرەبی دووزمانی فەرمین،لەهەرێمدا،ئەم دەستورەمافی هاولاتیانی هەرێم لەفێرکردنی ڕۆڵەکانیان بەزمانی دایک وەک تورکامان،سریانی،وئەرمەنی،لەدەزگاحکومییەکاندادەستەبەردەکات.بەپێی ڕێکارییە پەروەردە ی یەکان.

دووەم : لەپاڵ زمانی کوردیوعەرەبیدا،زمانی تورکمانی وسریانی،دووزمانی فەرمین لەوکارگێڕیانەیی کەئەوانی پی دەئاخڤن.چری دانیشتوانیان پێکدێنێت،ئەمەش بەیاساڕێکدەخرێت.

بۆئەم ماددەیەمن دەڵێم ئەگەرکوردلەکاتی خەباتوتێکۆشانەیەک بەدوای یەکەکانیدالەدژی حکومەتەڕەفتارفاشیستەکان ئەمەی بۆدەستەبەربکرایەڕەنگەبیری لەشۆڕش چەکداری نەکردایە.واقێعی حاڵیش مەسیحیوتورکمانەکانی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی کوردستانەوە ئەم مافەیان بۆدابینکراوە.

ماددەی 18

هاولاتیان لەبەردەم یاسالەمافوئەرکدا،یەکسانن بەبێ جیاوازی لەنێوانیان بەهۆی ڕەگەز،ڕەنگ،پێگەی کۆمەڵایەتی، ئاین،ئاینزا.باری ئابوری ، یان باری کۆمەڵایەتی،یان ئیتیمای سیاسیوهزری.

ماددەی 20

ڕەخساندنی هەلی بەیەکسانی بۆهەمووهاوڵاتیانی هەرێم مافێکی دەستەبەرکراوە.

ماددەی 37

نابێ زیندانی بەهۆی توخمی ،ڕەنگی،ڕەگەزی.ئاینی.بیروبۆچونی سیاسی.بنەچەی نەتەوەی.کۆمەڵایەتی.شوێنیی لەدایکبوون.یان هەرهۆیەکی ترهەڵسوکەوتی جیاوازی لەگەڵدابکرێت.

ماددەی 38

ڕێزلەباوەڕی ئاینییوبنەمای ڕەوشتی ئەوپێکهاتەیی زیندانی لێوەهاتوە،دەگیرێت.

ماددەی 42

ڕێگەبەهیچ کیانێک،ڕێبازێک نادرێت،بیری شۆڤێنی.فاشی.ڕەگەزپەرستی.تیرۆرستی.بەکافردانان.پەکتاوی نەژادی.یان تایفەگەری نگرێتەبەر.هەوەهاهاندەریان بێتیان ڕێگەخۆشکەریان بێت،یان بەشکۆمەندی تەماشایان بکات...هتد

ماددەی 65

ئاین بەزۆرنییە.هەموکەسێک ئازادی هزروئاینوباوەڕی هەیەو،حکومەتی هەرێم ئازادی هاوڵاتیانی کوردستان بەموسڵمانو مەسیحیو،ئێزیدیوئەوانی دیکەدەستەبەردەکات،بۆپیادەکردنی پەرستن وئەرکوڕێوڕەسمەئاییینییەکانیان،ڕیزگرتن لەمزگەوتو کەنیسەوپەرستاگاکانی دیکەوەپەرەپێدانیان.

کاتێک کەدەوترێت ئاین بەزۆرنییە،ئەم دەستەواژەیەکۆمەڵێک ماهییەت لەخۆدەگرێت،گرنگترینیان ،ئەوشێوازەتێفکرینەیە کەئەمڕۆعەقلانییەتی کوردستان ئەیەوێت بیکات بەبنەمابۆدروستکردنی دەوڵەتی دامەزراوەکان،لەسەرێکی تریشەوەئاین دەبێتەبابەتێکی کەسی،ڕێزلێگیراوبۆهەمووباوەڕێک.

ماددەی 66

ڕێگەبەهیچ شێوەبێگارییەک یان کارکردنێکی زۆرەملێیانەیان دەرکردنی ناهەقی تەعەسوفی نادرێتونابێت پەنای بۆببرێت لە

چوارەم : وەک شێوازێک بۆجیاکردنەوەی ڕەگەزی.کۆمەڵایەتی.نەتەوەیی،ئاینی،ئاینزایی.یان سیاسی..هتد

ماددەی 80

دووەم : لەپێکهاتەی پەرلەماندانوێنەرایەتی دادپەروەرانەبۆنەتەوەکانی هەرێمی کوردستان ڕەچاودەکرێت.

ماددەی 124

**یەکەم: نابێت حوکمەکەسییەکانی ئاینێک بەسەرشوێنکەوتوانی ئاینێکی دیکەدابسەپێنرێت.**

**دووەم: بۆشوێنکەوتوانی ئاینەکان،لەناویاندانامو‌سڵمانانی هەرێم وەک مەسیحی وئیزیدیوهی دیکەهەیەکەئەنجومەنی رووحاننیەکانیان پێکبێنوحوکمەکانی تایبەت بەباری کەسی خۆیان پیادەبکەن.**

**دواخوێندنەوە........**

**لەوباوەڕەدام ئەگەرزەمەن ئەم زەمەنەی ئێستانەبوایەوزەمەنی تورکمان،یاخودئاشوریو کلدان بوایەوئەوان سەرپشک بوونایە لەدارِشتنودانانی دەستنوسی دەستوربۆهەرێم ئەم مافانەی کەئێستالەچوارچێوەی ئەم ڕەشنوسەبەدی دەکرێت،یەک لەسەدی ئەم مافانەبەگەلی کوردڕەوانەئەبینی.پێم سەیرەئەمڕۆکەئاشورییەکان گلەیی دیباجەی رەشنوسی دەستوری هەریم دەکەن( ئاشوریو کلدانیوسریانییەکان لەدیباجی ڕەشنوسی هەرێم ناڕازین چونکە گوایەئەودیباجەباس لەخەباتوتێکۆشانی قوربانییەکانی نەتەوەی کورددەکاتوهیچ ئاماژەیەک بەخەباتوقوربانی نەتەویی ئاشوریوکلدانیوسریانی ناکات) هەقەت ئەم تێروانینەتێڕوانینێکی بەهەڵەیە لەبەرئەوەی لەیەکەم دەستەواژەی دەستپێکراوبەدیباجی دەستوری هەرێمی کوردستان هاتوە(ئێمەی گەلی کوردستانی عیراق) گەلی کوردستانی ئێراقیش هەمووکۆمەڵانی خەڵکی کوردتسان بەکورد،عەرەب،تورکمان،ئاشوری،ئێزیدی،کلدان،سریان،ئەرمەنی.. هتد دەگرێتەوەئەگەربەتەنهابهاتایەوبوترایەئێمەی گەلی(کورد).ئەوائەوکات مافی خۆمانەبڵێین کەکوردساتی ئێراق تەنهاکوردی تیاناژیت هەرچی لەبارەی ئاماژەپیدانیشەبەخەباتوقوربانی یەکان لەبڕگەی پێش کۆتای دیباجەکەهاتوە( لەڕێزگرتنمانەوەبۆسەرکردەکانی هێمای بزافی ئازادی خوازی کوردستانیوخەباتگێرەپێشمەرگەکانوئەوشەهیدانەی گیانیان بەختکردوەلەپێناوئازادی گەلی کوردستان،بەمافەڕەواکانی بەمافی چارەی خۆنوسین..هتد)ئەم ڕاڤەکردنەبەڕای من دان پێنانێکی گشتیورِیزلێنانێکی هەمەلایەنەیە بۆهەمووهاوڵاتییەکی خەباتگێرلەچوارچێوەی کوردستان کەخەباتی کردبێت یاخودقوربانی بۆدابێت....ئەگەرمەبەست جیاکردنەوە ی هاوئاهەنگیوخەباتوقوربانیش بێت،ئەوادەبیت هەرێمێکی ترلەناوهەرێمی کوردستاندادروست بکرێت.ئەوەی ڕاستی بێت کورد وەک نەتەوەوەک میلەت لەهیچ بۆنەیەکداخەباتوتێکۆشانی خۆی لەخەباتوتێکۆشانی کلدوئاشوروسریانی جیانەکردۆتەوەو هەمیشەش لەهەوڵی ئەوەدابوەکەئەوخەباتوتێکۆشانەلەکۆی یەک ڕێبازداکۆبکاتەوەوگرێی بدات.بەڵام پێناچێت کوردهێندە لەوبوارەداسەرکەوتوبێت،...ئەوەتانێ وادەچێت بۆپترلەهەژدەدانیشتنی دادگایی کردنی سەدام لەسەرمەلەفی ئەنفال هەتائێستا نەبینراوەکەناڵی عشتارکەناودارترین کەناڵی ئاسمانی مەسیحییەکانە،دانیشتنێکی ئەودادگاییە بۆجەماوەروبینەری ئەوکەناڵە پەخش بکات.لەکاتێکداعشتارلەناوجەرگەی پایتەختی هەرێمی کوردستان پەخش دەکرێتوسەرچاوەی داهاتوکارکردنەکەشی بەشێکی زۆری بەپشتیوانیوپاڵپشتی کوردەوەیە،لەبەرامبەریداکەناڵێکی عەرەبی شیعەمەزهەبی وەک(فەیحا) بەسوپاسەوەچەند بارەئەودادگاییەلەکەناڵەکەی خۆیەوەبەهەموجیهاناپەخش دەکات.دواترپێم وایەبەم دەستورەلەبابەتی دەستەبەرکردنی خۆشحاڵی ئەگەرمەبەست خۆشحالی بێت بۆکەمایەتییەکان دەستەبەرکراوە...**

**پەروایزوسەرچاوە**

- بڕوانەدەقی پرۆژەی دەستنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان ئامادەکراولەلایەن لیژنەی ئامادەکردنی دەستور لە2006،08،22 ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی ئێراق.

- هاوڵاتی ژمارە296 دەرچوی ڕۆژی چوارشەممەڕیکەوتی 2006،10،18 لاپەرەیەک پەیامنێری هاوڵاتی هەولێر لێدوانی ڕێزدار ڕۆمیۆحوزەیران ئەندامی پەرلەمانوئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی دەستنوسی دەستورڕەخنەلەدیباجی دەسنوسی دەستوردەگرێت..(ئاشورییەکان لەدیباجی دەستوری هەرێم ناڕازیین

- ئەنجامی ڕاپرسییەکەی هاوڵاتی بەزۆرینەی دەنگ بەنەخێردراوەبۆپرسیاری (مافی تورکمانوکلدۆئاشورلەدەستوری هەرێمدا زۆرتربکرێت)تارۆژی 21 10.2006 .لەکۆی 303 دەنگ 203 دەنگ بەنەخێروتەنها88 دەنگ بەبەلی وەلامی داوەتەوە ئەم ڕێژەیەش دەکاتە29% بەلێ و71% بەنەخێر دواتریش لەژمارە297لاپەرە2دائەنجامەکەبەمشێوەیەبوە




پێئەچێت زۆربەی دەنگدەرەکان بێئاگاینەدەنگیان دابێتودەستوریان نەخوێندبێتەوەولەڕکی تورکمانەکان ئەم ڕێژەبۆنەخێرەتۆمارکرابێت.

- کەناڵی عیشتارلەشارۆچکەی عەنکاوەی زۆرینەی مەسیحی نشین بەرنامەکانی بەزمانی (مەسیحی،عەرەبی،کوردی)پەخش دەکرێت

- بۆزیاترزانیاری لەمەڕ پەیوەندی برایانەومرۆڤ دۆستی کوردوکەلدوئاشورییەکان ،بڕوانەگۆڤاری (المنتدی) کەگۆڤارێکی ڕۆشنبیری ئاشوری گشتییەلەویلایەتی میشیگنی ئەمریکی دەردەچێت ژمارە42 ساڵی پینجەم دەرچووی ئۆکتۆبەری 1999 دەقی چاوپێکەوتن لەگەڵ تاڵەبانی لەلاپەرە18- 20 ودانئێنانی تاڵەبانی بەمافەڕەواکانی گەلی کلدانوئاشورییەکان.